رۆشنبیری گشتی

# گەشتێک بۆ ناوچەی گەرمیان

هەردەوێل کاکەیی

جێی شانازییە ئەدەبی کوردی لەم ساڵانەی دواییەدا بە تایبەتی لە ساڵی ١٩٧٠ی ز. وە، لە پاش بەیاننامە مێژوویی‌یەکەی ئازارەوە هەنگاوێکی گەورەو پیرۆزی بەرەو پێشەوە ناوە، بناغەیەکی پتەوو سوود بەخشی پێك هێناوە چ لە ڕێگای کتێبو نامیلکەو گۆڤارو ڕۆژنامەو کۆڕی ئەدبییەوە چ لە ڕێگای ئێزگەی رادیۆ تەلەفزیۆنەوە، زۆر لە بەرهەمی

نووسەرانو ئەدیبانو شاعیرانی گەلەکەمان بەچاپ گەیشت، بەدەیان کەلێنی گەورە گەورەیان لە نامەخانەکانی کوردی پێ پڕ کرایەوە، ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ سەر شانی ئەو نووسەرو ڕۆشنبیرانەی کە چالاکانە قۆڵو بازووی خۆیانیان لێ هەڵکردووەو بێ وەچان قەڵەمەکانیان لە کاردایە بۆ خزمەتو دەوڵەمەند کردنی ئەدەبی گەلەکەمان.

خزمەتو شەو نەخوونیان هاشار نادرێ، دلێرانە توانیویانە لە پاش کۆششو ڕەنجێکی فرەوان کونو کەلێن بپشکێنن بۆ دۆزینەوەو کۆ کردنەوەی پاشماوەی ئەدەبی کۆنی نەتەوەکەمان تا لە مەرگو نەمان ڕزگاریان بکەنو تەلێ تەڵو سواڵە سواڵە بیخەنە سەر خەرمانی ئەدەبو کەلەپووری گەلەکەمان هەر وەها هەندێ لە نووسەرە بەرێزەکانمان شێرانە توانویانە بە دەیان کتێبو نامیلکەو نوسراو لە زمانی بێگانەوە بگۆڕنە سەر زمانی کوردی یان لە کوردی‌یەوە بیگۆڕنە سەر زمانی عەرەبی یان زمانێکی تر لە پێناوی گەشە پێ دانی ئەدەبی نەتەوەکەمان. داوای سەرکەوتنو پێشکەوتنو تەمەن درێژیان بۆ دەکەین. ئەوەمانیش لە یاد نەچێ کۆڕی زانیاری کوردیو دەزگای ڕۆشنبیری لاوان لەم رووەوە درێغیان نەکردووە، گەلێ کتێبو نامیلکەیان لە چاپداوە کە زوربەی نووسەرەکانیان نەیانتوانیوە لە سەر ئەرکی

خۆیان لە چاپی بدەن بە هۆی دەست کورتیانەوە .

خوێنەری ئازیز : لە سەرەتای ساڵی (١٩٧٠ز)وەکەوتمە خولیای کۆ کردنەوەی سامانو کەلەپووری کوردی یەوە ، بەپەرۆشەوە کەوتمە تەقەلا کردن بۆ کۆ کردنەوەو بزووتنەوەی بەرهەمی ئەو شاعیرانەی نەناسراونو بەرهەمەکانیان چاوەڕوانی ئازاد بونیانە ، ئەوەم بەباشی زانی گەشت بکەم بۆ ناو هۆزی کاکەیی کە خۆم لە ئامێزی ئەم هۆزەدا پەروەردە بوم ، ئەمیش ناوی گوندەکانیانە کە دەکەوێتە رۆژ ئاوای (داقوق)ەوە بە (١٠-١٥) کیلۆ مەترە (تۆبزاوە ، عەلی سەرای ، زەنقر ، عەرەب کۆیی ، مەتیق ، عەلوەت پاشا = هێب ، خوزر) ئەوەی شایانی باسە تا ئێستا هیچ رۆشنبیرێك یان مێژوو نووسێکی کورد رووی نەکردووەتە ناو ئەو دێیانە بۆ ئەم مەبەستە .

تا رادەیەك لەم کارە سەرکەوتم بە سەدان پارچە شیعرو نامەو کەشکۆڵی کۆنم بە دەست هێنا ، بەشێکیان بەرهەمی ئەم شاعیرانەی خوارەوەیە :-

«میرزا خەلیل[1] منەووەر ، سەی عەباس[2] حیلمی ، چۆبان[3] یەسو ساوك ، مەلا فەتۆش[4] = فتح الله ، مەلا زەینەل[5] دار تاش ، مەلا ئەلماس[6] خان ، محەمەد[7] چۆبان ئاسنگەر» .

هەر وەها بە دەیان پارچە هەڵبەستی فۆلکلۆریشم بە دەست هێنا ، لە سینگی پیرە پیاوانو پیرە ژنانو گۆرانی بێژانی هەمان هۆز وەرم گرتووە . زوربەیان لە پێشدا لە سەر رووی شریتی کاسێت بە دەنگی خۆیان تۆمارم کردووە لە پاشان هەموویم لە دەفتەرێکدا نووسیویەوە ، خوا یار بێ وردە وردە نیازم ئەوەیە بەش بەش هەموویان بە چاپ بگەیەنمو بیخەمە بەردەستی خوێنەرانو رۆشنبیرانی هێژا . بەداخەوە لەم گەشتو سور خواردنەم ئەم سێ کارەساتە جگەر بڕانەم کەوتە بەر گوێ ، بێ گومان بوونەتە هۆی فەوتاندنو مردنی بەرهەمی کۆمەڵێ شاعیری چارە کلۆلو بێ بەخت .

### کارەساتی یەکەم

خوا لێ خۆش بوو خاتوون «گوڵە»ی کچی سەی عەباس حیلمی دانشتووی دێی تۆبزاوە ، ئافرەتێکی بە ئاینو خوا پەرست بوو ، خوێندەوارییەکی مامناوەندی هەبوو ، ئاین گەلێ کاری تێ کردبوو ئەمە بوبوە هۆی ئەوەی تەرکی دنیا بکات ، واتە دەستی لە شوو کردن هەڵگرتبوو ، ئافرەتێکی هۆشمەندو زیرەکو دەروون پاکو مێوان دۆستو چاو تێر بوو گەلێ لەسەر خۆ بوو ، کە باوکی پیرو کەم هێز بو ئەو سەرپەرشتی ماڵەکەی دەکرد ، مێوانێکیان بهاتبایە وەك ئافرەتی شارستانی بە سەر بەرزییەوە پێشوازی لێ دەکردو بەبێ چرکە لە گەڵیدا دادەنیشتو بە پێی توانا خزمەتی دەکرد ، شایانی باسە ئەم ئافرەتە هەرچی هۆنراوەیەکت بە هەڵە لە پێشیدا بخوێندایەوە ژیرانە پەنجەی بۆ ناتەواوییەکەی درێژ دەکردو تەقەلای راست بوونەوەی دەکرد جا ئەو هەڵە لە رووی کێشو قافیە بوایە یان ناوەرۆك .

ئاخکناچی[8] گوڵە لە ساڵی ١٩٧٠ی ز بۆم گێڕایەوەو وتی لە ساڵی ١٩٦٣ی ز .دا پڕ بە یەك کونیو نیو دەفتەرە کۆنی باوکم هەبوو خستمە ناو تەندوورەوەو ئاگرم تێ بەرداو سوتاندم ، وتم نەك نەخوازەڵلا تووشی گیرو گرفتێکمان بکات ، ئەو دەفتەرانە هەمووی شیعر بون بە رێنووسی کوردی کۆن روو نووس کرا بوون هەندێکیان دەست خەتی باوکم بوونو ئەو پاشاوەکەی مەگەر خوا بزانێ بە دەستو خامەی چ نووسەرێکی قارەمان نوسرابوو ، بەڵام دەزانم بەرهەمی ئەم شاعیرانەی خوارەوەی تێدا بوو ، دەفتەرێکی بریتی بوو لە (٣٠٠) سێ سەد پەرە هەمووی شیعری مەلا خەلیل منەووەری تێدا بوو پێش سوتاندنی مشکیش بەشی خۆی لێ قرتاندبوو ، دەفتەرێکی گەورەتر قەوارەکەی (٤٠٠-٥٠٠) پەرە دەبوو شیعری باوکمی تێدا بوو بە دەستی خۆی نوسیبووی ئەو دەفتەرەکانی تر بریتی بوو لە بەرهەمی ئەم شاعیرانەی خوارەوە :

«مەولەوی[٩] ، حەسەن[١٠] کەنۆش ، چۆبان بەسو ساوك ، سەی یاقۆ[١١] ، سەی سلێمان[١٢] ، مەلا فەتۆش ، مەلا زەینەلێ ، مەلا ئەلیاس خان ، عەلی[١٣] ، فەقێ قادر[١٤] ، فەقێ حەمە حەیدەر[١٥] ، دەدە هیجری[١٦] ، محەمەد چۆبان ، باوە ئەسەد[١٧] مەندەلاوی ،
وەلی[١٨] ماران گاز ، حافظ[١٩] شیرازی ، گوڵستانی سەعدی[٢٠] ، لەگەڵ دەیان شتی تر ، لە پاشان خوشکە گوڵەی بەرێز بەم پەندەی خوارەوە کۆتایی بە قسەکەی هێنا «دەستم لە هەویرە ئەوەندەم لە بیرە» .

## کارەساتی دووەم

کاك ئەلیاس کوری فەقێ (حەمە حەیدەر) ، لە دێی عەلی سەرای دادەنیشێ ، جاران بە کاری وەرزێری خاو خێزانەکەی بەخێو دەکرد ، ئێستا کۆگایەکی عەتاری هەیە لە دێی ناو براو ، لە ئازاری ١٩٨٠ی ز چوومە ماڵیان لەگەڵ ئاشنای ئازیزم سەی شەماڵ عەزیم کاکەیی دا بۆ ئەوەی شتێك دەستگیرم بێ لە کەشکۆڵو دەست نووسی کۆن چونکە باوکی یەکێکە لە قوتابییەکانی شاعیری نەمر سەی عەباسی حیلمی کاکەیی ، زۆریش نامەیان بۆ یەك ناردووە، لە پاش پرسیار کردن وتی ، بەڵێ زۆر دەفتەرو کتێبی کۆنمان هەبوو بەڵام مەخابن یەك پارچە قاقەز لە ماڵا نەماوەتەوە ، شەش حەوت ساڵ لەمەو پێش پڕ بە دوو گونیەی قەڵەم سوور دەفتەرە شڕو کتێبی دراوم لە سەر جۆگای (کێلی) نایە ناو چاڵو بە خاك دام پۆشی ، چونکە چاومان بەرایی نەدەهات لە پاش مەرگی باوکم تەماشای بکەینو لە ماڵەوە بمێنێتەوە ، مناڵەکانی لەگەڵ خێزانەکەی لەگەڵیان دانشتبوون بە بیستنی ئەم رازو نیازە دەست بەجێ وتیان وەڵلا ئەگەر بمانزانیبا ئەو دەفتەرە دەست نووسانە بەکار تۆ دەهاتن بۆتمان دەنارد بەڵام کار لە کار ترازا . دیسانەوە رووم کردە کاك ئەلیاس و وتم ئەی نازانیت ئەو دەفتەرانە چیان لێ نوسرابوو ؟ .
لە وەڵامدا وتی ئەوەندەی لێ دەزانم هەمووی دیوانی شیعر بوون پڕ بوون لە قسەی خۆش خۆشو شیعری هەمە جۆر ، گەلێ شیعری باوکمو سەی عەباسی حیلمی تێدا بوو ، ئیتر هیچی لێ نازانم ، چونکە خۆت دەزانی نەخوێندەوارم .

## کارەساتی سێیەم

خوا لێ خۆش بوو سەی بورهان سەی رەشید ئیبراهیمی ، پیاوێکی ژیرو ئاین پەروەرو دەنگ خۆشو ئەدەب دۆست بوو ، جگە لە زمانەکەی خۆی تورکی بە قسەو نووسین بە چاکی دەزانی ، لە کەرکوك دادەنیشت لە ١٩٧٦/٤/١٢ی. ز. دا لە تەمەنی (٧١) ساڵیدا فەرمانی یەزدانی بەجێ هێناوەو کۆچی دوایی کردووە .
رۆژێ لێم پرسی دەربارەی پەیوەندی شاعیری نەمر سەی عەباس حیلمی لەگەڵ دەدە هیجری و لوطفی ئەفەندیدا چونکە سەی بورهان دۆستایەتی هەبوو لەگەڵ بنەماڵەی ئەو دوو شاعیرەدا وە هاتو چۆیانیشی دەکرد ، هەر وەها یەکێکە لە هاورێ گیان بە گیانییەکانی سەی عەباس حیلمی .
لە وەڵامدا وتی پەیوەندییان هەبوو هەر وەها هاتو چۆی یەکتریانیش دەکرد .
سەی بورهان رۆژی ١٩٧١/١/١٠ی ز لە گەڵمدا هاتو پێکەوە رۆیشتین بۆ ماڵێ مام (مزهر = مظهر) کاکەیی ، لە کەرکوك گەرەکی چای دادەنیشێ ، بنەماڵەی ئەم (مام)ە[٢١] یەکێکە لە بنەماڵەکانی مامۆستای بەناو بانگی کاکەیی (مام نەزەر) کە باپیرەی دەدە مەحموود هیجری یە بۆ بە دەست هێنانی بەرهەمەکانی دەدە هیجری و ئەو شاعیرانەی کەوا شیعرەکانیان نادیارنو بە چاپ نەگەیشتون ، لەو ماڵە خانەدانە چاومان بە ئافرەتێکی بە ساڵا چوودا کەوت مەبەستی خۆمانمان بۆی روونکردەوە ، لە وەڵامدا وتی لە بەهاری ساڵی ١٩٦٠ی ز .دا پڕ بە یەك جەواڵ کتێبو دەفتەرە کۆنو پارچە قاقەزی دراومان دایە دەمی ئاوی خاسەوە ، ئێستا ئەوەی دەفتەری کۆن بێ لە ماڵا نەماوەتەوە ، بەمە نەوەستام رۆژی

١٩٧٩/٥/١ی‌ز رۆیشتم بۆ ماڵی مامۆستا (فایق) کوڕی دەدە مەحموود هیجری بۆ هەمان نیازو مەبەست ، بە داخەوە دیسان بەهەناسە ساردی گەڕامەوە .

ئاخۆ ئەوەی بە تەنگ سامانو کەلەپووری نەتەوایەتییەوە دێ بە بیستنی ئەم جۆرە کارەساتە جگەر بڕانە چەند خەفەتبارو زەویر دەبێت دەك لاڵ بم بۆ ئەوەی بە دەیان بەرهەمی شاعیرانو نووسەرانی کوێستانو گەرمیانی وڵاتە رەنگینەکەمان کەوا بە دڵو بە گیان بە شەو نەخوونی لە ژێر رووناکی چرایەکی دوکەڵاوی کەم شەوقەوە یان مۆمێکی وردیلانەوە هێناویانەتە بەرهەموو لە سەر رووی قاقەز تۆماریان کردووە لە کاتی دەست نەرۆیی‌و کەم قاقەزیدا بە رۆژ خەریکی کارو باری ژیان بوونەو بە شەویش خەریکی نووسین ، ئاوا بە تەڵە شخارتەیەك بوونەتە خۆراکی ئاگر ، ئەو هەموو سۆزو هەستو بیرو هۆشانەی ئەو کۆمەڵە شاعیرانە ئەوەندەی مژێك بدەی لە جگەرە بەبێ تاوان بوونەتە خۆڵە مێشێکی سیای ناپەسەن ، یان بێ پەروا لە یاساو مافی ئەدەب ئەو هەموو سامانە وێنەی لەشی مردوو نراونەتە ژێری زەمینو بوونەتە خۆراکی گڵ ، یان دراونەتە ئاواو شەپۆلی شێتو شەیدا دەفتەرە پیرۆزەکانیانی دڕاندووەو جەرگو هەناویانی لەتار لەتار کردووەو دڕندانە وشە ناسکۆڵەکانیانی خنکاندووە .

ئەفسوس ئەو کەلەپوورانە نەکەوتنە بەر دەستی رۆشنبیران تا لە مەرگو نەمان رزگاریان بکەن .

## پەراوێزەکان

(١) میرزا خەلیل مەنوور کاکەیی ، ناسراوە بە شاعیری چەوساوەکان (١٨٦٣-١٩٢٣ز) .

(٢) سەی عەباس حیلمی کاکەیی (١٨٨٢-١٩٦٦ز) .

(٣) چۆبان یوسف جەماڵ ، بەناو بانگە بە پەسو ساوك کاکەیی . گەلێ شیعری هەمە جۆری بە شێوە زاری ماچۆ هەیە ، تا ئێستا بەرهەمەکانی کۆ نەکراوەتەوە (١٨٥٩-١٩٢٥ز) .

(٤) مەلا فەتۆش = (فتح‌الله) ، کوڕی حەویش کاکەیی‌یە . ئەم زاتە رابەرێکی ئایینی بووە . سروودی ئاینی هەیە ، لە کەرکووك هاتووەتە دنیاوە هەر لەوێش کۆچی کردووە (١٨٦٣-١٩١٩ز) .

(٥) مەلا زەینەڵ ، کوڕی حەویش کاکەیی‌یەوە برای مەلا فەتۆشە . کۆگایەکی دارتاشی هەبووە ، ئەم شاعیرە بەرهەمێکی زۆری هەیە زۆربەی شیعرەکانی خۆشەویستین (١٨٦٦-١٩٢٢ز) .

(٦) مەلا ئەڵیاس خان یان خان ئەلیاس (١٠٧٢-١١٣٨ك) ، ئەهل حەق بووە .

(٧) محەمەد چۆبان ئاسنگەر کوڕی مەحموود کوڕی قەمبەرە (١٨٩٠-١٩٣٥ز) .

(٨) کاکەیی بە کچی سەید یان کچی ئاغا دێ دەڵێن (ئاخکاچی) .

(٩) مەولەوی – عبدالرحیمی تاو گۆزی‌یە (١٨٠٠-١٨٨٢ز)

(١٠) حەسەن کەنۆش – شاعیرێکی کوردە لە هۆزی دەلۆیە شیعری بەزاراوەی گۆران هۆنیوەتەوە .

(١١) سەی یاقۆ – یەعقووب ماهیدەشتی (١٢٢٨-١٣٢٤ك) ، ئەهل حەق بووە .

(١٢) سەی سلێمان – کوڕی سەی حەسەن کاکەیی‌یە بە ناو بانگە بە پلکە زێڕین ، خاڵۆی شاعیری ئەمر سەی عەباس حیلمی‌یە ، پلەی زانیاری بەرز بووە ، هۆنراوەکانی کۆ نەکراوەتەوە ، خەڵکی شاری (موصل) بووە (١٨٤٤-١٩١٩ز) .

(١٣) عەلی – کوڕی یوسف کوڕی سلێمانە ، برای وەلی ماران گازە ، لە سەدەی حەفدەهەمی زایینی ژیاوە .

(١٤) فەقێ قادر – کوڕی رەسووڵی کوڕی جوامێری هەمەوەندی‌یە (١٢٤٦-١٣٠٧ك) .

(١٥) حەمە حەیدەر – ناوی محەمەد کوڕی حەیدەرە . لە هۆزی کاکەیی‌یەوە لە رەچەی ناوداری بەناوبانگی کاکەیی باوە یادگارە ، قوتابی سەی مەلا عەباسی حیلمی‌یە . لە ساڵی ١٩٦١ی‌ز لە تەمەنی (٧٥) ساڵیدا ئەمری خوای کردووە .

(١٦) دەدە هیجری ، ناوی مەحموود کوڕی قەیسەر کوڕی مام نەزەرە ، لە هۆزی کاکەیی‌یە ، بە تیرە (مام)ە . لە نەوەی ناوداری پایە بەرزی کاکەیی خەلیفە عەزیز شارەزووری‌یە کە یەکێك بووە لە یارانی سوڵتان ئیسحاق کوڕی شێخ عیسێ بەرزنجی (١٨٧٧-١٩٥٢ز) ، شیعری بەکوردی‌و تورکی‌و فارسی وتووە .

(١٧) باوە ئەسەد مەندەلاوی – ئەم شاعیرە تا ئێستا بەرهەمەکەی کۆ نەکراوەتەوە (١٨٥٠-١٩٣٠ز) .

(١٨) وەلی ماران گاز – کوڕی یوسف کوڕی سلێمانە لە سەدەی حەفدەهەمی زایینی ژیاوە بە لاوێتی مار پێوەی داوەو بووەتە هۆی مردنی .

(١٩) حافظ شیرازی (خواجە شمس‌الدین کوڕی محمد کوڕی بهاءالدین)ە دیوانەکەی سەدەها جار لە چاپدراوە (٧٢٦-٧٩١ك) .

(٢٠) سەعدی – ناوی مشرف کوڕی موصلح سەعدی شیرازی‌یە لە بەرە بەیانی سەدەی حەوتەمی کۆچی ژیاوە لە ساڵی ١٢٩١ی‌ز کۆچی کردووە .

(٢١) مام‌پیر (خەلیفە) : تیرەکی گەورەیە لە هۆزی کاکەیی . پلەیەکی ئاینیشە ، رەگو ریشەیان دەگەرێتەوە سەر «گۆران» .

(٢٢) مام نەزەر ، باپیرەی دەدە مەحموود هیجری‌یە . زانایەکی ئاینی پایە بەرزی هۆزی کاکەیی‌یە . گەلێ شیعری سۆفی گەریێی هۆنیوەتەوە بە شێوەی کوردی‌و تورکی . کوردی‌یەکانی بە زاراوەی ماچۆ = (گۆران) نووسیوە . دوو دیوانی دەست نووسی لام هەیە یەکێکیان بە کوردی‌یەوە ئەوی تریان بە تورکی‌یە . لە سروودەکانی وا دەردەکەوێ پیاوێکی ورباو زیرەکو دانا بووە . خوا پەرستێکی راستەقینە بووە ، بیرای بیر شیعری مەجازی نەنووسیوە . کەم کاکەیی هەیە ناوی ئەم قارەمانەی نەبیستبێ‌و شانازی پێوە نەکات . لە کەرکووك لە گەرەکی چای دانیشتووە . لە خانوو کۆشکو تەلار دروستکردندا دەستێکی باڵای هەبووە هەرچی خانوویەکی دروست کردووە مێژووی دروست کردنی ئەو خانوویەی لە سەر پارچە بەردێکدا نووسیوەو لە رووی دیوارەکەیدا لە دیوی ناوەوە لە سەر دەرگاکە هەڵیواسیوە . بۆ ئەوەی لە پاشە رۆژدا بزانرێ ئەو خانووە لە چ ساڵێکدا دروستکراوەو کێ دروستی کردووە . بەناو بانگترین کەس لە قوتابی‌یەکانی (پیر وەیس کوڕی محەمەد ئەمینە کە بەناو بانگە بە سیا بیم . هەر وەها مەلا صەمەد کوڕی پیر وەیس .